11/27

# باڵیۆزخانەکانی عێراق
# لەدەرەوە کانگای تۆڕی جاسوسیەت و پیاوکوشتنە!

ئەی جەماوەری گەلانی عێراق..
ئەی جەماوەری کوردستانی تێکۆشەر..
ئەی ئازادی خوازانی جیهان..
ئەی ئەوانەی کە مافی مرۆڤتان لا مەبەستە..

رژیمی سەروشت فاشستی عێراق تەنها بەوە وازی نەهیناوە، کە لە وەختی هاتونەتە سەر حوکم بە هەزاران رۆلەی گەلی عێراقیان لە سێدارە داوە و بە هەزارانیشیان لە گرتووخانەکانیان دائەنالینن لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا و بە سەدانیان لێ شەهید بووە.. تەنها لە ئەندامانی یەکێتی ی ١٥٠٠ رۆلەی بەجەرگی گەلەکەمانیان هەڵواسیوە. تا ئیستا زیاترلە ١٤٥٠٠ گوندی کوردیان لەگەل خاك دا تەخت کردوە، زیاتر لە ملیونیك جوتیاری کوردیان لە خاکی باوباپیریان راگواستووە بۆ ئوردوگا نوێیە ملیەکانی رژیم، زیاترلە ٢٠٠٠٠٠ کوردی فەیلی یان لە عێراق دەرپەراندووە، هەموو شوینە ستراتیژیەکانی کوردستانیان بە عەرەب کردووە، بۆ ماوەی هەشت سالی رەبەق ئەچیت شەری لەناوبردنی گەلی کوردیان بەرپا کردووە و ٣/١ی سوپاکەیان لە کوردستان حەشاردا وە و بە سەدان گوند و بە هەزاران هاوولاتی، ژن، مندال، پیر و جوانیان بە بومباباران کردن و کاول کردنی گوندەکانی کوردستان شەهید کردووە. نمونەی گوندی شارستین و چیمەنی گەورە و بچوك کە لە ٢٨/٨/١٩٨٣ دا زیاتر لە ٢٦ ژن، مندال و پیریان بە بومبای فرۆکەی خوینمژەکانی بەغدا بریندار و شەهید کردووە.. وا [illegible] سالی رەبەقە شەریکی نارەوایان بەخیتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی دژی ئیران سازکردووە، کە بە هەزاران رۆلەی گەلانی هەردوو ولات بونەتە قوچی قوربانی قادسیەکەی سەدام و ئابوری وولاتیان بەجاریك تیك و پیك شکاندووە، گەلانی عیراقیان خستوتە ژێر باری قەرز و قولەیەکیەوە کە بە دەیان سالی ترلە ژێر باریا دەرناچن.. هەموو ئازادی و سەربەستیە دیموکراتیەکانیان لە ئوپوزسیونی عێراق و گەلانی، زەوت کردووە هیزی بەربەرەکانی نیە کە بەر شالاوی ئەم پیاوکوژانە نەکەوتبێت و هەوڵی تەفروتوناکردنیان نەدابێ، تەنانەت بە سەدان لە ئەفسەر و وەزیر و پیاوەکانی خوشیان لەناو بردووە، بەلکو ئەم پیاو کوشتن و ترساندن و تیرۆرەی ناوەوەی ولات، هەرلە سەرەتای هاتنە سەر حوکمیانەوە دەرەوەشی گرتوتەوە..، چونکە سیاسەتی دەرەوەی ئەم فاشیانە رەنگ دانەوەیەکی سەروشتی ناوەوەیە. رژیم بە هوی دەستگا سەرکوتکەرەکانیەوە لەلایەك، وە بەهوی ئەوەی کە سەروەت و سامانی ولاتیان کردووە بە قوربانی کومپانیا مونوپولەکانی ولاتانی ئیمپریالیزم، لەلایەکی ترەوە، وە دەمی هەموویانیان بەشیوەیەك چەورکردووەکە تا رادەیەکی زۆر بتوانن کە دەنگی نارەزایی گەلی کورد و گەلانی عیراق کپ بکەن و پەردەیەك بەسەر تاوانەکانیانا بدەن.. رودا وەکانی ناوەوە و دەرەوەی ولات بشارنەوە و رای گشتی جیهانیش تا رادەیەکی زۆر چەواشە بکەن.. رەفتارەکانی ئەم فاشستانە لە دەرەوەی ولات چی کەمتر نیە لە ناوەوەی ولات، بەهوی چلکاو خۆر و بەکری گیراوەکانیانەوە، بەهوی ناردنی پیاوەکانی مخابەراتەوە بە ناوی خویندن و زەمالەوە، بالویزخانەکانیان لە جیاتی ئەنجامدانی ئیشوکاری دیپلوماسی تەنها خەریکی جاسوسیەت و نەخشەو پلان دانانن بو ئەوەی دەنگی نارەزایی هیزی بەربەرەکانی عیراق لەدەرەوە کپ بکەن و چون بتوانن کەسە چالاکەکانی ئەو هیزانەی دژ بە رژیم لەناو ببەن.. رووداوەکانی بەرلینی روژئاوا، پاریس، لەندەن، ڤینا، یەمەنی خوارو، پاکستان، کویت، لوبنان و سوید باشترین بەلگەن بو سەلماندنی ئەو راستیانە.. ئەمە جگە لەوەی کە بە هوی رشتنی ئەو هەموو پارەو پولە زۆرەی کە لە گەلانی عیراقیان دزیوە توانیویانە هەندی لە روژنامە نووس و کاربەدەستانی ولاتانی ئەوروپای روژئاوا بکرن و ببن بە بووقی پروپاگەندەیان و پەردەیەك بدەن بە رووی چەپەلی ئەم

فاشستانەدا ، بە ئاوەژووە وە راستی ئەم رژیمە خوین مژە لەگەلەکانیان بگەیەنن ٠٠ وە ئەو راستیە فەراموش بکەن نەبەنەک ئەم پیاوکوژانە خەریکی کوشتن و برینن لە ناوەوەی ولات و بەلکو گەورەترین و سامناک ترین دەستگای جاسوسیەت و پیاوکوشتن لە جیهان دا ٠ کە لە راستی دا ئەم رو بالویزخانەکانی عیراق شوینی تۆری جاسوسیەت و پیاوکوشتنە ،گەورەترین مەترسی لەسەرژیانی خەلکە بی تاوان و ئاوارەکانی دەستی رژیم لە دەرەوە دروست کردووە ٠٠ وە ئەم جەردە و پیاوکوژانە بە ملیونەها دینار سەرف ئەکەن لەم بوارەدا ٠

لەزوربەی کاتەکان دا کاربەدەستانی ولاتانی روژئاوا لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و تایبەتی خویان و لە ترسی پیاوکوژی ئەم فاشستانە و هەرەشەکانیان یاساکانی خویان پیشیل ئەکەن و لیی لائەدەن کەچی سەیر ئەوەیە رووی دەرەوەی راگەیاندنی ئەم ولاتانە دژی تیروریزمە! بەلام لە کاتیکدا تیروریستەکانی عیراق بە هەموو بەلگەیەکی زیندووەوە ئەگیرین ٠ پاشان وەکو بەرزەکی بانسان بوی دەرئەچن و بی ئەوەی محاکمە بکرین! باشترین بەلگەش بو راستی قسەکانمان ، هەولی تەقاندنەوەی کونگرەی ئەکسابولەبەرلین ١٩٨٠ کە تیروریستەکانی عیراق بە چەک و هەموو بەلگەیەکەوە کە لە کاتی جی بەجی کردنی کارەکەیان دا بە جانتایەک (تی ئین تی) یەوە گیران کە چی پاشان بی لی پرسینەوە درانەوە بە عیراق ٠٠ !!

وە ئەم ولاتانە بەم کردەوانەیان بیانەوی یان نەیانەوی بەشدارن لە تاوانەکانی رژیمی عیراق دا و بە مەش نەک هەر بەرگری لە تیرور ناکەن بەلکو پشتگیریشی ئەکەن! بویە چاکتر وایە لەسەر ئەو ولاتانە ئەو یاسایەی کە دژی تیرور دایان ناوە لای بەرن یان برگەیەکی بخەنەسەر ، بە مەرجیک کە تیروریستەکانی عیراق و ئەوانەی بەرژەوەندیان ئەخاتە مەترسیەوە نەگریتەوە ٠٠

یەکی لەو ولاتانەی کە بالویزخانەی عیراق بوتە کانگای جاسوسیەت و تیرور ،ولاتی سویدە ٠٠ئەمە جگە لەوەی کە ئەو تۆرە جاسوسیەی لە سوید گیرا سالی ٧٨-٧٩ کە توانی بەوی بەریوەبەریکی پولیسی ستوکهولم بە پارە بکریت و هەرچی دوکمینت و ناوی پەنابەرە سیاسیەکان بدات بەمخابەراتی عیراق ٠ ئەوا ئیستاش تۆریکی جاسوسی مخابراتی عیراق گیراوە لە ناوەراستی مانگی ٨٣/٧ وە ، لەلایەن کاربەدەستانی سویدەوە ٠٠ کە سەروکی ئەم تۆرە جاسوسی و تیرورە دکتور فوزی طیویە و کە بەریوەبەری مخابەراتی عیراقە لەسوید و ولاتانی ئەسکەندەنافیا ، وە ئەم تاوانبارە بەناوی خویندنەوە سالی ١٩٧٩ هاتوتە سوید ٠ گوایە بە ناو دکتورا ئەکا لە ئەکادیمیسکا شیوکهوسیت ( گەورەترین خەستەخانەی سویدە لە ئوپسالا ) ٠ ئەوەی راستی بیت ئەم تاوانبارە تەنها بو کار و باری جاسوسیەت و تیرور بەسەر پەنابەرە سیاسیەکانی عیراقەوە هاتوتە سوید ٠ وە ناوبراو لە ماوەی ئەم چەند سالەدا توانیویەتی لە ریگەی ئیغرا و پارە و هەرەشە وە کار بکاتە سەر چەند کەسانیکی لاواز و ئەوانەی ئامادەیی یان تیایە کە نیشتمان و گەلەکەیان بفروشن بو دووقران نمونەی تاوان بار هیوا خالد کەریم ،لە ریگای ئەم خوفروش و نیشتمان فروشانەوە توانیویانە زانیاری کوبکەنەوە لە سەر ریکخراوە سیاسیەکانی ئوپوزسیونی عیراق و کوردە پەنابەرە سیاسیەکان وکەس و کاریان لە ولات ٠ وە ماوەیەک لەمەوبەریش توانیویانە چەند نوکەریکی خویان و چەند کەسانیکی لاواز فریو بدەن بو گەرانەوەیان بو عیراق ٠ ئەمە لەکاتیک دا ئەوانەی کە راستەوخو پیاوی خویان نەبوون ئەم تۆرە جاسوسیە راپۆرتیان لە سەرداوون بە مخابەرات لە عیراق وە زوریەی ئەوانەی گەراونەتەوە بی سەروشوین کراون ، لە وانە فؤاد سعید عبدالله ئیعدام کراوە ٠

ئەی جەماوەری گەلانی بەشەرەفی عیراق و کورد ..

یەکیتیمان لە کاتیک دا بە توندی ئەچیت بەگژ ئەو تاوان و تیرورەی پیاوەکانی مخابەراتی عیراق لە سوید ، کارەکانیان ئیدانە و مەحکوم دەکات و لە داهاتوودا پەردە لەسەر هەموو نیشتمان فروش و خوفروشیک لائەدات و ریسوایان ئەکات و ئەیان خاتە بەردەم دادگای گەل ٠٠ لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری هەموو ئەو پەناهەندانە ئەکاتەوە کە لە دەرەوەی ولاتن و ئاوەرە و دەربەدەری دەستی رژیمی فاشستی عیراقن ، کە نەکەن خویان تووشی زەلکاوی خیانەت بکەن ٠٠ وە هەر کەسیک بیت و بیی هەلخلیسکابیت یان هەلبخلیسکیت و هاوکاری لەگەل نوکەرانی رژیم و مخابەراتی عیراق بکات لە ژیر هەر پەردەو بیانویەک دا بیت خویان ئەخەنە بەر دادگای گەل و حوکمی رەوای گەلیان بەسەردا ئەدری

و بەرپرسیار ئەبن بەرامبەر نیشتمان و گەلەکەیان، وە هەتا هەتایە ناویان لە لاپەرە رەشەکانی میژوودا تۆمار ئەکریت و میژووش لە کەس نوشتاسی..

ئەی ئازادی خوازانی جیهان..
ئەی جەماوەری بەشەرەفی گەلی سوید..

بەم بۆنەیەوە یەکیتیی مان داوا لە رای گشتی جیهان و کاربەدەستەکانیان ئەکات کە چی تر بواری چەتەکانی مخابەراتی عیراقی نەدەن وکە بەراستی تیروریزمی نیودەولەتان ئەمانەن.. دە یاساکانی خۆتانیان بەسەردا بچەسپینن و لەبەر هەندی بەرژەوەندی کاتی و ئابوری مەسەلەی رەوای گەلی کورد و گەلانی عیراق فەراموش مەکەن، لەبەر خاتری دەزگای تیروری عیراق.. دیارە پاشەروژیش هەر بۆ گەلانە و سەدامی خوین ریژ و رژیمەکەی ئەمرۆ بی یا سبەی چارەنووسی باشتر نابی لە هیتلەر و موسۆلینی و فرانکۆ. وە یەکیتیی مان و گەلی کورد و عیراق هەمووکات ئەوەیان لە بەرچاوە کە کێ یارمەتی ئەم پیاو کوژانەی داوە و چاوی لە تاوانەکانی پۆشیوە، و کێش دۆستایەتی گەلی کورد و عیراقی مەبەست بووە و گوێی نەداوەتە هەرەشەو گورەشەی ئەم رژیمە و بەرژەوەندی کاتیان لەگەڵی دا. دیارە بەو پێیە پاشەروژ دۆستایەتیمان ئەبی لەگەل ئەو ولاتانە. یەکیتیی مان هیوا و داخوازی وایە لە گەلی بەشەرەفی سوید و کاربەدەستەکانی، کە تائیستا وا باوە کە پشتگیری لە گەلانی چەوساوەو بندەست و بەشخوراو ئەکەن، خۆیان بە دیموکراتی و هەق خواز ئەزانن، کە رێزی یاساکانی خۆیان و چەسپاندنی فەراموش نەکەن، لاسای ئەلمانیا نەکەنەوە لە چاوپۆشینیان دا لەم تۆرە جاسوسیە و تاوانەکانی مخابەراتی عیراق. وە هیوا و داخوازیمانە کە هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان بەم تۆرە جاسوسیەوە هەیە بدرینە دادگا و سزای تاوانەکانی خۆیان وەربگرن.

دەبا خائینان و خۆفرۆشان باش بزانن رۆژیک دیت کە سزای خیانەت و خۆفرۆشی خۆیان وەربگرن و خوینی شەهیدەکانمان داوامان لی ئەکات کە هەرگیز لەم تاوانبار و خۆفرۆش و نیشتمان فرۆشانە خۆش نەبین و دیارە سزای خیانەتی نیشتمانیش چیچی یە!

- سەرنگون بیت رژیمی دکتاتوری خوین مژی عیراق.
- مردن و سەرشوری بۆ خۆفرۆش و نیشتمان فرۆشان.
- نەمری سەربەرزی بۆ شەهیدانی ریگای رزگاری گەل و نیشتمان.

یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان
لقی ئەوروپا
١٩٨٣/٩/١٠